www.kurdistannet.org
30-1-2006 19:39 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# دەستت بێنە.... شاڵاو

سوێد



دەستت بێنە
بیکەم بە نامە بۆ شەوێ
نەوەک ڕۆژێ دڵم وەکو بەفری بنار هەر بباریێ
بەسەر لووتکەی داستانێکی ناو نەهاتوو
لەنێوانی هەردوو دەستی ساردی مندا..
نەکەی وەک تەزرە بێیتە خوار
کە سەرما هەموو ڕۆژێ بێ
دەست وپەنجەم بتەزێنێ..
دڵم هەرگەرم دەنوێنێ..
دەستت تازە
لەناو دەستی
ئەودیو لاپەڕەی عیشقەوە گرێدراوە
عیشقیش بۆتە کێلگەی یاخی کارمامزەکان
هەموو شەوێ مامزێکی پەل بە شەونم
دێت ودەستی شیعرم دەگرێ
تیشک دەخاتە ناو ڕەنگی
هەموو دێرێکی تەمەنم
کێ دەزانێ
نامەی شەوی هەموو بستێکی تاریکی
ناو هەناسەم..
بکات بە شانۆ بۆ کچێ.
کێ دەتوانێ
پیتەکانی ئەو هۆنراوەم بۆ بخاتە ژێرسێبەری
بەردێکی ئەو بنارەوە
دەستەکانت بکە بەتاڤگەی پڕ ئەوین
لەکەناری دەریای وشە
شەپۆڵە سەرشیتەکانم بۆ ڕاگرە..
پێش ئەوەی ببمە تارمایی
عەشقێکی بێ ناوونیشان
وەرە لەگەڵ باڵندەکان..سەرهەلگرین
بەجێ بێلین هەردوو جیهان...

www. shallaw. info. se